# کەی ئەنفالچییە کوردەکان دەدرێنە دادگا؟

**(بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە ناکات، کە بەدەر لەو دادگا باڵایەی مەرکەز، لە کوردستانیشدا دادگاییەکی تایبەت بۆ دادگایی کردنی ئەوانەی دەستیان لە کردەوەی ئەنفالی کورددا هەبووە، بکاتەوە؟ ڕەنگە وەڵامی حکومەت ئەوەبێت، کە دەبێ کەسوکاری ئەنفالکراوان داوا بکەن و سکاڵا لەو ڕووە پێشکەش بکەن.. بەڵام ئەمجارە پرسیار ئەوە دەبێت کە ئایا پاشماوە و کەسوکاری ئەنفالکراوە کوردەکان بۆچی سکاڵا پێشکەش ناکەن؟) ئەو دوو پرسیارە دەبێتە تەوەرەیەك و کۆمەڵێك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، قسەی لەسەر دەکەن و بە زنجیرە لە ژمارەکانی (زەنگ)دا بڵاو دەبێتەوە:**

**بەشداری ئەمجارەی تەوەرەکە، ڕۆژنامەنووس (کاوە ئەمین)ە لە وڵاتی سوێد.**

ئامادەکردنی
دانا ڕزگار
Dana.rizgar@yahoo.com



**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێت کەمێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە و ئەو ڕەوشەی کە باشووری کوردستانی تێکەوتبوو، شرۆڤە بکەین. لەدوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پاشانیش خۆکوژی ناوخۆ، سیتەمی دوو ئیدارەیی و پاوانکردنی دەسەڵات لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە، نەك بواری بۆدادگایەکی تایبەت بۆ بکەرانی ئەنفال نەهێشتنەوە، بەڵکو لەکردەوەدا هەموو تواناکانی کوردی ئیفلیج کرد. وەك دەزانرێت هەر لەسەرەتای ڕاپەرینەوە، بەرەی کوردستانی لێبوردنێکی بێ ئیستیسنایی بۆهەموو ئەوانە کە وەدوی ڕژێمی بەعس کەوتبوون دەرکرد، هەڵەکە لەوێوە سەرچاوەی گرت، چونکە تائێستا لەهیچ شوێنێکی دنیادا نەبینراوە بەبێ هیچ شەرتێك و مەرجیك هەموو تاوانبارێك عەفوبکرێت. ئەوانەی کە لەکۆمەڵکوژی جولەکەدا دەستیان هەبوو، هەموویان یانیش باشتر بڵێم ئەوانەی بەردەست کەوتن، سزا دران وئێستاشی لەگەڵدا بێت جولەکەکان کون وقوژبنی ئەم دنیا نەماوە بەدوایاندا نەگەڕێن، ئەگەرلەگوێی قەبریشدا بن ڕاپێچی دادگایان دەکەن. بەهەمان شێوە لەئەرجەنتین وشیلیش پرۆسەی دادگایی کردنی ئەو جەنراڵانەی کەدەستیان هەبوو لەسەرنەگومکردنی خەڵکی ئەو وڵاتانە بەڕێوە چووە و بەردەوامە. بەپێچەوانەوە لەباشووری کوردستان، زۆرێك کەدەستیان لەئەنفالدا هەبووە، دەرگای حیزبە کوردییەکانیان بۆ ئاواڵا کرا و تیکەڵ بەدەسەڵات داران کران، واتە کورت وکورمانجی بوونە دەسەڵاتدار زۆرێك لەوانە بەشدارییەکی جددیان کرد لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، تابتوانن باشتر جێ پێی خویان قایم بکەن. ئیترچۆن حکومەت دەتوانێت دادگایی بۆئەوانە دابنێت کەخۆیان بەشێك بن لەحکومەت؟!.

یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کەدادگایەکی تایبەت بۆئەوانەی کەدەستیان لە ئەنفالدا هەبوو دابنێت، بەڵام وەك بینیمان بەشێك لەوانەی کەتاوانبارن یانیش گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کەدەستیان لەئەنفالدا هەبووە، کراونەتە ئەندام پەرلەمان لەپەرلەمانی عێراقی و کوردستانیش، ئێستا لەپراکتیکدا ئەوانەی کورد خۆی هەڵی بژاردوون وەکو نوێنەری خۆی، ئەوەش بۆخۆی کارەساتێك و ئەنفالێکی ترە لەکورد دەکرێت. پاشان هەموو ئەو بەلگەو دیکۆمێنتانەی کەشایەتی لەسەر ئەنفال دەدەن کەوتوونەتە دەست حیزبە کوردییەکان یانیش لەو چەند ملیۆن تەنە دان کە ڕەوانەی ئەمریکا کران، ئاخر ئیمڕۆ سەردەم سەردەمی بەڵگەیە و دەبێت هەموو شتیك بە بەڵگەوە بسەلمێندرێت، ئەوەتا کەسانی وەکو سەددام و داروودەستەکەی کە بڕواناکەم خۆشیان گومانیان لەتاوانباریی خۆیان هەبێت بەدەیان پارێزەر دەیانپارێزن. پاشان ڕەنگە پرۆسەیەکی وا، زۆرشتی نهێنی بدرکێنێت، گومان لەوەدا نیە کەخەڵکانێك هەبوون لەشاخ هەروەك چۆن بەشێکیان فایلیان کەشف بوو و پاشان دیزە بەدەرخۆنە کرا، لەدادگاییەکی وادا دەموچاوی تریش ماسکەکانیان لەسەر هەڵماڵدرێ بۆیە ئەگەر خواستیش بۆ دانانی دادگایەکی لەو شێوەی ئێوە باسی دەکەن هەبێت، لەلایەن ئەوانەوە کەتێکەڵاو بەدەستەڵات بوون بەربەستی بۆ دادەنرێت. کورت وکورمانجی خەمساردییەك لەم کێشەیەدا هەیە و پێدەچێت کە بەزانابوونەوە بکرێت. حکومەتی کوردستان، من ناڵێم هەرێم، چونکە ئەو هەرێمەش وەکو عێراق و ئێران و تورکیا سووریا بەناهەق بەکوردستانەوە لکێندراوە، دەبێت چاوێك بەم مەسەلەیەدا بخشێنێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەرکەوت خەڵکانێك تاروخانی ڕێژیمی بەعسیش هەر نۆکەریان بۆ ئەو وڵاتە کردووە و هەندێك لەسەرەك جاشەکانی ئێستایش ئامادەن نۆکەری بۆعێراق بکەن و چەکی بۆ هەڵبگرن، بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەت کە هەرچی زووترە دادگایەکی عادیل و سەربەخۆ بۆ ئەوانەی کە لە ئەنفال وکورد کوشتندا دەستیان هەبووە دابنێت و لیژنەیەکی پسپۆڕ لەو بوارەدا پێکبهێنرێت تا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات، چونکە نابێت هیچ کەسێك ئەگەر یەك نەفەریش بێت بەناهەق و تاوانی وای بدرێتە پاڵ، وەك بینیمان لەو فایلانەی کە ڕۆژنامەکانی هاووڵاتی وئاوێنە بڵاویان کردەوە، تاق و تەرا هەیە کە پێدەچێت ڕێژیم بەهۆشیارییەوە ناوی خستوونەتە نێو ئەولیستەوە، هەشیانە نەك نکۆڵی لێناکات بەڵکو دەیکاتە پیاوەتی بەسەر کوردەوە و سیخوڕیی کردن لای ئەو کوردایەتی بووە.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:**

پێش هەموو شتێك نەبوونی دادگایەکی سەربەخۆ وەك لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا، خۆی لەخۆیدا ئەو دەرفەتەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەهێشتۆتەوە. پاشان لەبیرمان نەچێت کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ئەگەر تەواو عەشایەریش نەبێت نیمچە عەشایەرییە و هۆشیاریی نەتەوەیی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چ وەکو تاك و چ بەشێوەیەکی دەستە جەمعی بەدوای مافەکانی خۆماندا بچین، تائێستاش بیری تۆڵە کردنەوە لەیەکتری بەدەگمەن لەڕێگای دادگاوە دەکرێت و ئێستاش لەزۆر شوێندا سەرۆك هۆز و ڕیش سپیەکان بریار دەرن، هەبوونی دەستگای کاروباری کۆمەڵایەتی لەنێو پارتی و یەکییەتیدا خۆی لەخۆیدا هەر لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت، من ناڵێم ئەودەستگایانە خراپن ڕەنگە زۆرجار توانیبێتیان ڕێگای خوێن ڕشتن بگرن، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا، ئەو دەستگایانە نەك هەر نامۆن بەڵکو وجودیشیان نەماوە. کاتێك باسی جاش دەکەین دەبێت زیاتر ڕووی دەممان لەسەرۆك جاشەکان و ئەوانەی کەدیارن و دەتوانرێت بەبەڵگەوە لەسەریان ئیسپات بکرێت کەتاوانباریان بکەین، دەنا سێ سەد هەزار جاش و خەفیفە لەکوردستاندا هەبووە، لەپراکتێکدا ناکرێت هەموو ئەوانە بهێنرێنە بەردەم دادگا.

ئیمڕۆ، پاشماوەی ئەنفالکراوەکان ناخۆشترین ژیانیان هەیە و لەخۆشیەکانی ئەو وڵاتە بێ بەش کراون و دەرەتانی ئەوەیان نییە لە گوندێکەوە بچن بۆشاریك، دەنا بۆ لەبەرژەوەندیاندا نیە، شکایەت لەبکوژی کەسوکارەکانیان بکەن؟ کام سەرۆك جاش هەیە، ئێستا لەکوردستاندا بەرپرس نەبێت یان دیوەخانانەی نەبێت؟ پیرەژنێك یان پیرەمیردێك کە لەئەنفالدا بەرێکەوت ڕزگاری بووە و کەسی نەماوە، هانا بۆکام دادگا بەرێت لەکاتێکدا ئەو موچەیەی بۆی بڕدراوەتەوە ئەگەر واش بێت، بەقەد ژەمێکی بەرپرسێك نابێت. ئەنفال نابێت وەکو شتێکی شەخسی چاوی لێبکریت بەڵکو دەبێت وەکو کارەساتێکی نەتەوەیی و جینۆسایدی گەلێك تەماشا بکرێت، ئەوە ئەرکی ریکخراوێکی وەکو نێوەندی هەڵەبجە وئەنفال(چاك)ە کە دەوڵەت بودجەیەکی گەورەی بۆتەرخان بکات و لەڕێگای پارێزەرەوە سکاڵا لەسەر هەموو ئەوانەی کەدەستیان هەبووە لەئەنفالدا یانیش گومانیان لێدەکریت، تۆمار بکات و داوای سزادانی تاوانباران و قەرەبوو کردنەوە بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات. شەرمێکی گەورەیە و پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچاوانی دەوڵەتی عیراقەوە بەوەی ئێستایشەوە کەتائێستا بەرەسمی داوای لێبووردنی لەئەنفالکراوەکان نەکردووە وگوندێکی بۆئاوەدان نەکردوونەتەوە، دەبێت ئەنفال وەکو جینۆساید دانی پێدا بنرێت و دەبێت سەرتاپا مرۆڤایەتی و لەپێش هەموشیانەوە نەتەوەی کورد بهەژێنێت و وەکو هۆلۆکۆست بخرێتە نێو مێژووەوە، لەوەکەمتر نابێت هیچ شتێکی ترقبوڵبکریت. بەداخەوە ئەوەی کەئیمڕۆ لەدادگایی کردنی سەددام وتاقمەکەی دەبینین، دوورە لەوپێناسەیەو گەورەیی تاوانی ئەنفالەی کە بەدرێژایی مێژووی کورد کراوە، بەدەرەجەی یەکەمیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانی کوردستان و خۆئامادەنەکردنیان بۆ پرۆسەی دادگایی کردنەکە.

کەواتە دەتوانیین بڵێین لەکوردستاندا، ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و دادوەرییە نیە کەڕێگا بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان خۆشبکات بەدوای مافەکانیان بکەون، دەنا هەر ناوهێنانێکی ئەنفال کسپە لەدڵی ئەوانە، و ئەوانەی ئەوجینوسایدە بە بەشیك بەخۆیان دەزانن، هەڵدەسێنێت.

## ڕژێمێك تاکە زمان، عەرەبی بە ڕەوا بزانێ و تۆ بە مرۆڤی نمرە ٣ بژمێرێ، دەکرێ شەهامەت و پیاوەتی تۆ لە کوێدا بێ ئەی موستەشار؟

واحد مەجید
کەرکوک

دەکرێ چی ماڵوێرانییەك بێت کوردێ نەزانێ ڕژێمی بەعس ئاساییترین مافی مرۆڤی پراکتیزە نەکردووە و بەپێچەوانەوە وەڵامی هەرداواکارییەك هەمیشە لەژێر پۆستاڵە ڕەشەکانیدا سەرنەگوم دەکرا!!..

ئاخۆ من تێنەگەیشتوم یان گەمژەییە موستەشارێك، یان هەر پیاوێکی بەعس لاف و گەزافی خزمەت و باسی شەهامەتی و پیاوەتی خەباتی پڕ سەروەری سەردەمی جاشایەتی خۆی بکات!

دەکرێ تۆ چاوەڕوانی جی جۆرە پاداشتێك لەبەعس بکەیت کاتێك خۆت بەخزمەتکاری میللەت بزانی ئەی موستەشار؟!

ڕژێمێك هەر لەسەرەتای هاتنە سەرحوکم بەئینقلاب و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی پێش خۆی بێتە مەیدانەوە، ڕێبازێك گۆربەگۆر(میشێل ئەفلەق) دایرێژابێت و سەدام جێبەجێی بکات، دەکرێ شەهامەت و پیاوەتی تۆ لەچیدا بێ ئەی موستەشار؟

ڕژێمێك (امة عربية واحدة ذاتة رسالة خالدة) دروشمی بێ، دەکرێ چاوەڕوانی چیت کردبێ تۆ ئەی موستەشار؟

ڕژێمێك تاکە زمان، عەرەبی بە ڕەوا بزانێ و تۆ بە مرۆڤی نمرە٣ بژمێرێ، دەکرێ شەهامەت و پیاوەتی تۆ لە کوێدا بێ ئەی موستەشار؟

دەسەڵاتێك یەك یەك و دوو دوو کۆمەڵ کۆمەڵ مرۆڤی کوردی ڕاپێچ کردبێ و لەوەش خراپتر کەجاهێڵەکان جیا بکاتەوە و پێشکەشی کردبێتە مەلهاکانی وڵاتی دەرهاوسێ و پاشان تەرمی ئەو منداڵانەی کەلەبرسا مردون خۆراکی سەگە ڕەشەکانی بەر دەرگای زیندانیەکانی نوگرە سلمان وعەرعەر بووبێ. دەکرێ تۆ ئەی موستەشار جی ڕیزو حورمەتێکت مابێ؟

ڕژێمێك بەگازی ژەهراوی بەدڵێکی پرقینەوە هەژار و مرۆڤی کورد شەهید بکات و قیامەتی ئەنفال بەرپا بکات و ٦هەزار گوندی وڵاتەکەت خاپور بکات. لەکاتێکدا تۆ سەرقافڵەی لەشکر و ڕێگا پیشاندەری سوپای بوویت بۆ هێرشەکانی بەناو ئەنفالی، ئەی موستەشار!!..

دەکرێ لە وەڵامی ئەم چەند دێرەمدا چی بڵێی ئەی کاکی نیشتمانپەروەر(!!) بپرسە لەخۆت ئەی موستەشار ڕیزبەندی خەڵاتی(نەوت شوجاعەکانت) بەگوێنی کۆکردنەوەی پارەکانت پاداشتی ڕووخانی دیهاتە؟

## هەردوو سەرۆك، مامە و کاکە تکایە ئەم بابەتە بخوێننەوە

داڵدەدانی ئەو خەڵکەی لەپاش ئەنفال کە ئێستا شانازی پێوە دەکەن تەنها کەس و کاری جاشەکانی دەوروبەرت بوون!!.

ئەمانەی من ئەیڵێم تەنها تنۆکێکە لەڕووبارێك سەبارەت بە کردەوەکانی ئەو ڕژێمەی کەموستەشار پیاوی دەستە ڕاستی بوو! بیرۆکەی ئەم نوسینەشم لەوێوە سەریهەڵداوە کە لەڕۆژنامەی ئاوێنە چاوپێکەوتنی موستەشارێکم خوێندەوە کە زۆر بەئاشکرا ئەڵێ:"پەشیمان نیم لەوەی ئەو ماوەیە موشتەشار بووم و پیاوی موخابەرات بووم ولەهەمان چاوپێکەوتن دا که لەژمارەی (٤٠ ) و لە ١٠/١٠/٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە شانازی بەوەوە دەکات کە کردویەتی، پێی وایە بەپێچەوانەوە خزمەتی کوردی کردوە!! سەڵاو بۆموستەشارەکان دەنێرێ وجاشێتی بە شەهامەت دەزانێ ئەمە لەکاتیکدا هەتا مەجالی تیابوو وەکو خۆی ئەفەرموێ لە زۆرینەی پیاوانی سەرکردایەتی بەعس هاوڕێی سەرمێزی بوون. پاشان لەسایەی سەلامەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردی کەپاش لێبوردنی گشتی بۆپیاوانی بەعس. زۆرینەی موستەشارەکان مل کەچ بوون سەری خۆیان کزکردبوو هەندێکیان پەشیمان بوون لەوەی کەسەنگەریان گرتبوو لەپێشمەرگە. بەڵام هەندێکیان ئێستاش هەرگیز پەشیمان نین و پێیان وایە خزمەتی کوردیان کردوە!!.

لێرەوە من دەپرسم دەکرێ هەردوو سەرۆك چی وەڵامێکیان هەبێ کەموستەشارێك زۆربێباکانە نموونەی لەم جۆرە بینێتەوە؟!

من دەپرسم ئایا هەڵەی زانستی خۆمە بۆ سیاسەت کە موستەشارێك مافی هەبێ بەم شێوەیە دەم درێژی بکات. یان لاوازی سەرکردایەتی کوردە؟ ئێوە ئەی سەرۆکەکان

من تێناگەم نەبوونی دەسەڵاتتانە یان خۆ گێلکردنە کەموستەشارێك زمانی هەبێ بەم شێوەیە پەل بهاوێ؟!

هەر موستەشار نەبوو بەتەواوی مانا دژایەتی هەموو سەروەریەکانی تۆی دەکرد ئەی پێشمەرگە؟ بە کەلەسەری تۆ(نەوتوشوجاعە) و چەندین هەزار دیناری سویسری وەردەگرت ئە ی پیشمەرگە؟!

سەرکەوتنی موستەشارە، کە زۆرینەیان بە ئیکرامیەی لاشەی پێشمەرگە بۆکوڕاو کوریان تۆکمە بوون ئێستا لەگوندو لادێکانیاندا خۆشترین ژیان دەگوزەرێنن ولەپێگەی خۆیانەوە ڕەتی هەموو داواکاریەکانی تۆ دەکەنەوە ئەی پێشمەرگە! ئەمە مافی ڕەوای موستەشارە! یان قوربانی سیاسەتی هەردوو حزبە، یان بێئاگای سەرکردایەتیمانە؟! ئەگەر نا، بۆچی تاوانبار بەسزا نەگات؟!.

دەتۆش ئەی پێشمەرگە و سەرکردە ماندوونەناسەکان لەخەو ڕابە و چیتر مێشکی خۆت جەنجاڵ مەکە،(جام پڕ بوو لێی دەڕژێ)، با جامی تۆڵەی تۆ و ئەو سەدان هەزار کەسوکاری ئەنفالکراوەش پڕ بێت و چیتر کاتی ئەوەیە پەلکێشی دادگا بکرێن..

ئەگەر نا، بژی جاشەکان و بروخێ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار